بڕیاری سبەی دووشەممە پەرلەمانی عێراق دەنگ لەسەر بودجەی گشتی ساڵانەی عێراق بدات



فەرمانگەی راگەیاندنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق خشتەی دانیشتنی ئاسایی ژمارە 27ـی پەرلەمانی بۆ سبەی دووشەممە بڵاوکردەوە، بگرە خشتەکە سبەی دووشەممە (3ـی حوزەیرانی 2024)، دانیشتنی پەرلەمان تەنیا بۆ یەک مەبەست دەبێت ئەویش دەنگدان دەبێت لەسەر یاسای بودجەی یاڵی 2024ـی عێراق.

لەلایەکی ترەوە، ڤیان سەبری سەرکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند: دوای گفتوگۆکانی بوودجە لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ پەرلەمانی عێراق لە لێژنەی دارایی گفتووگۆی لەسەر دەکرێت بۆ ئەوەی هاپڕتی خێیان لەسەر ئامادە بکەن و دواتر بڕیتە کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت و پەسەند بکرێت، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت لەم هەفتەیەدا ئامادەبێت بۆ دەنگدان.

وتیشی: ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان خەمان باش ئامادەکردووە بۆ ئەوەی داکۆکی لە مافی کورد بکەین و بتوانین مافەکانی کورد تێیدا جێگیر بکرێت، بۆیە داکۆکی لە مافەکانی کورد دەکەین بڕیتایبەت دابینکردنی موچەی فەرمانبەران، بۆ ئەوەی مانگانە لەکاتی خۆی بدرێت.